# کێشەی نێوان جەلال تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی لە سەر جیە؟

بورکان قادر
05.11.2004
Buorkan@hotmail.com

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە لە ساڵی 1976 دا لە سەر لاشەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهێنرا و ڕاگەیاندرا. تواناو ئیمکانی ئەوەی هەبوو کە لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە تەبلیغاتێکی باش بکاتە سەرمایەیی سیاسی، تاکوو هەرجی بە زوویی بتوانن وەڵامی کێشەی ناسیۆنالیزم بدەنەوە کە لە لایەن حیزبی دایکەوە (پارتی) بریاری شکست و ئاشبەتاڵکردن درابوو. بە مانایەکی تر جارِی مەرگی کوردایەتیان لێ دابوو. ئەم حاڵەتە سەرمایەکی باش بوو بۆ ینک تاکو هەرجی بە بەپەلە هێزی تێشکاو و داڕوخاری ناسیۆنالیزم کۆبکاتەوە و لە دەوری ڕیزەکانی خۆیدا ڕێکیان بخا. لە لایەکی تر بە هۆی شکستی ناسیۆنالیزمی کورد و سەرکەوتنی فاشیزمی عەرەب بەسەریدا و هەرجی زیاتر توندکرتنەوەی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر کورد و دەسپێکردنی هێرشێەکی زۆر دڕندانە بۆ سەر مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستی پێکردبوو. ئەو دوو فاکتەرە و فاکتەرێکی تریش کە باڵێکی سەرەکی ئەو بزوتنەوەیە کە کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو کە ناوی لە بەرنامەکەی خۆی نابوو مارکسیستی. هەڵبەتە بە هۆی ئیعتیبار و جێگاو ڕێگای ماکسیزم لەو سەردەمەدا جە لە کوردستان و جە لە دونیادا. ئەوان توانیان بە ئیزافەی ئەو دوو فاکتەری کە ئیشارەم پێکرد، ئەمەش ئیستغلال بکەن و هێزێکی باش لە ماوەیەکی کەمدا لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە. تا ئەو جێگایەی کە لە لایەن ڕژێمەوە حیسابیان لە سەر بکرێ. هەر وەکو چۆن لە ساڵی 1983 دا بینیمان ڕژێم داوەتی گفتوگۆی کردن. هەڵبەتە ئەوەی ئەو گفتوگۆیە چۆن کرا و لە سەر جی بوو، ئەوە بابەتێکی ترە و لە زۆر گۆشەوە قسە هەڵدەگرێ، بەڵام لێرەدا جێگای باس کردنیان نیە. هەر لەو سەردەمە هەستیارەی خودی بزوتنەوەی کوردایەتی کە ینک سەرکردایەتی دەکرد و ناوی لێنابوو (شۆرشی نوێ گەلەکەمان) هەڵگر و دەرگیری کۆمەڵێک کێشەو گرفتی ناوخۆیی بوو بوو. بەڵام جونکە خەت و ڕێبازی سیاسی ینک، نوێنەرایەتی بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی ناکرد و خەباتکاری ڕێگای ئەو بزوتنەوەیە نەبوو کە بانگەشەی بۆ دەکرد، بۆیە لە وەڵام بە کێشە سیاسیەکانی ناوخۆیدا و، وە لە چارەسەرکردنی کێشەکانیدا، هەموو شێوازێکی سەرکوتگەرانە و دیکتاتۆریانە و تاکوو داڕشتنی پلان و لە دواجاردا جێ بە جێکردنی تیرۆریستیشان پیادە دەکرد لە بەرانبەر بەرهەڵستکارانی یەکتردا. سەیر لەوەدایە تەنها بۆ یەکجاریش نەمان بینی لە نێو ئەو حیزبەدا دەستەیەک لە سەرکردایەتی و کادرانیدا لە هەمبەر سات و ساودا و بەین و بەست و موزایەدە کردن بە جارەنوسی خەڵکی کوردستان، وەدەنگ بێن و لانی کەم هەوڵی ئەوە بدەن سنورێک دیاری بکەن بۆ کارە ناشرین و نابەجێکانیان. بە پێچەوانەوە هەمیشە کێشەو بەرهەڵسکاری لە سەر دەستەڵات بە دەست هێنانی جێگایەکی باڵابووە بۆ سەرکردایەتی کردنی هەموو ئەو کارو کردەوە دزیوانەی کە بەشێکی جیانەکراوەی مێژوی یەکێتی نیشتیمانی و خودی جەلال تاڵەبانیە. کێشەی ئەم جارەی مەکتەبی سیاسی ینک و جەلال تاڵەبانی هەر لە سەر جەند شتێکە کە ناتوانێ لەو جوارجیوەیە دەرجێ کە لە قۆناغەکانی پێشوودا دیاریان کردوە. بۆ جەند ساتێک تەنها ئەم 13 ساڵەی ڕابردوی دەستەڵاتدارێتی ینک و کارو کردەوەکانی بهێنە بەر چاوی خۆتان و هەڵوێستەیەک بگرن، ئینجا بریاری بەرهەڵستکاری لە گەڵ ئەو هێزەدا بدەن؟! بۆیە دەڵێم ئەم 13 ساڵە، جونکە لەو ماوەیەدا هێندە کاری قێزەوەن و دژی ئازدی و پێشکەوتوخوازیان ئەنجامداوە، کە بە هیج شێوەیک بۆیان پەردەپۆش ناکرێ و ئیمکانی شاردنەوەیان نیە. سات و سەودا لەگەڵ وەڵاتانی کۆنەپەرست و

دیکتاتۆری ناوچەکە نەماوە نەیکەن و، لە بەرانبەر کۆمەڵێک ئیمتیازی دیاریکراودا ئامادەی هەموو سازشێک بوون و دەبن لە سەر حیسابی خەڵکی کوردستان. شەڕکردنیان لەگەڵ ئۆپۆزسیونی ئێران و تورکیا و دەست ڕاکێشانی دەزگاکانی ئیطلاعاتی ئێران و میتی تورکیا بۆ نێو شارەکانی کوردستان، تاکو ئازادانە کارە تیرۆرتستێکانیان لە دژی بەرهەڵستکارانی خۆیان جێ بە جێبکەن. دەست بەپشداهێنان و بە هێز کردنی ئیسلامی سیاسی لە هەمبەر جولانەوەی ئازادیخوازی و، دەست ئاوەڵاکردنیان لە کارو کردەوە تیرۆریستێکانیان. درێژەدان بە یاسای ڕێگادان بە ژن و کچ کوشتن و لێنەپرسینەوە لەو تاوانە. هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و بە کوشتدانی هەزارن کەس لەو شەڕەدا و ئەتک کردن و تا دەگاتە کوشتنی ئەسیری جەنگ لە نێوانیاندا. پێشگرتن بە هەڵسوڕانی بەرهەڵسکارانی سیاسیان و گرتن و زیندانی کردن و ئازار شکەنجە کردن و تاکو تیرۆرکردن و قەدەغە کردنی حیزب و ڕێکخراوی مخالف بە خۆیان لە ژێر ناوجەکانی دەستەڵاتیاندا.

هەروەها مەسەلەی فایلەکان، ئەگەرجی نەک هەر ینک، بەڵکو سەرانی حیزبەکانی کوردایەتی مێژویەکی دور و درێژیان هەیە لە بەکرێگیراوەیتی نەک هەر بۆ حکومەت بەعس و ئەوانەی پێش بەعسیش، بەڵکو وەڵاتانی ناوجەکەشیان بێ بەش نەکردوە لە سیخوڕی کردن بۆیان. بەڵام ئەم جارەی دوای کە بەدوای روخاندەنی ڕژێمی بەعسدا. لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە کە ئەو فایلانەی بەر دەستیان کەوتەبوو لە دەزگاکانی ئەمن و ئیتخباراتی گشتی حکومەتی بەعسدا، فایلی 100 کەس بوو لە سەرکردایەتی هەردوو حیزبی دەستەڵاداری کوردستان یەکێتی نیشمانی و پارتی دیموکرات و ئەندامانی پەڕلەمانەکەیان، درا بە سەرکردایەتی هەردوولایان.

بۆچی لەسەر هیجکام لەم مەسەلە هەستیار و چارەنووسازانە ئەو جەنابانەی ئێستا کە گوایە خیلافیان هەیە لەگەڵ سکرتێری گشتی، هەڵوەیستیان نەبوو و نابێ؟؟ هیج کات چاوەڕی ئەوە لەوانە مەکەن لەسەر ئەو مەسەلە گرنگ و جارەنووسازانە هەڵوێست بگرن و بەرهەڵستکاری پێک بهێنن. جونکە ئەوانەی کە ئیمرۆ گوایە خیلافیان هەیە لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا، خودی خۆیان شەریکی هەموو کارو کردەوە تاوانکاریەکانی تاڵەبانین و بەشیکی دانەبڕاو تەواوکەری ئەون. کێشەی ئەوان لەگەڵ تاڵەبانیدا لەسەر ئەوەیە کە پەراوێزکراون و شەریکی بڕیاراتەکان ناکرێن. ئەوان خوازیارن کە لە هەموو ئەو کارانەی ینک و خودی تاڵەبانی ئانجامی دەدا، شەریک بن و پرسیان پێ بکرێ.

ئەمە جەوهەری کێشەو خیلافی ئەو بەشەیە لە سەرکردایەتی ینک لەگەڵ تاڵەبانیدا.